## مۆدەی کاتژمێر بـــــ

هەر جۆرە ئێکسسوارێك شێوازێکی تایبەت بە خۆیەوە هەیە، بەمەش دەبێتە مۆدەیەك لــە مۆدەکانی جلوبەرگ و دانانی ستایلێکی تایبەت بە خۆی، ئەگەر توانیمان جوانی ئێکسسوار بە شـــێوەی خۆی دەربخەین، بە هەمان شێوە دەتوانین بگەین بەو ئاســـتە جوانییەی کە لەلایەن ئێکسســـوارەکان دەستمان دەکەوێ، بۆ دابین کردنی شـــێوازی رازاوەکردنی جەســـتە و جلوبەرگ بە ئێکســـــوارەوە، لەگەڵ ئێکسسواری شێوەی کە لە دەرەوە دەبەسترێ و دیمەنی خۆی سەربەخۆ دەبێ، ئەو جۆرە ئێکسسوارە بایەخێکی تایبەتی دەوێ، لە کاتێکدا ئێکسسوارەکانی دیکە دەبێ لەگەڵ شتی دیکەوە ڕێکبخرێ، کاتژمێری دەست، یەکێکە



## فەرش و بەرماڵ لە دیکۆری ماڵدا



لە دیکۆری ماڵدا، چەندین ڕێگە و هەنگاوی گەورە و بچووك هەن کە کار دەکەن لەســـەر گۆڕین و تازەگـــەری لە دیکۆری ماڵدا، ئەمەش لە تایبەتمەندی و ئامادەکاری بۆ دانان و نزیك بوونەوە لە تازەترین کەرەســـتە یان جوانترین مۆدەکانی دیکۆر و کەرەســـتەی دانراو لە دیکۆری ماڵدا، فەرش و بەرماڵ، ئەو دوو جۆرە دیکۆرە پڕ دەکەنەوە لە دیکۆری ماڵ، لە بەرامبەریشـــدا دیکۆرێکی دیار و شایســـتە دەردەخەن، بە گوێرەی ئەو دوو جۆرە کەرەســـتەوە، جوانییەکی هێمن و رازاوە لە ئامادەکاری بە دیکۆری ماڵ دەدەن، بە تایبەت کاتێك دەمانەوێ، چەند بەشـــێکی دیکۆری ماڵ بپۆشـــین، کە پێویستی پێیەتی، لەگەڵ دانانی بەرماڵ، بە شێوەیەکی تاك و بەبێ هیچ کەرەستەیەکی دیکە، واتە دەتوانین لە ناوەڕاســـتی ماڵدا دایبنێین، یان لەگەڵ کەرەستەیەکی دیکە بگونجێنین، ئەمەش هاوتای جوانییەکی تایبەت دەردەخات، لە ڕێگەی ئەو جۆرە کەرەســـتەوە، بەشێکی زۆر لە ماڵدا دادەپۆشرێ و تەنانـــەت دیکۆرێکی شایســـتە بە خۆیەوە بەدی دەکات، لەو روانگـــەوە ئامادەکاری بۆ ئەو جۆرە کەرەســـتەیە، دەبێ لە شوێنێکی بۆشایی ماڵدا جێگەی بکرێتەوە و لەگەڵ ڕەنگی دیوار و دیکۆرەوە، گونجاندن و ڕێکخستن دروست ببێ لە نێوان فەرش و بەرماڵ و دیکۆری ماڵ.



## شێوە و جوانی

ژووری چێشت لە گشت ماڵێکدا پێویستی بە چەندین کەرەســـتە و ئامادەکاری و پاك ڕاگرتن هەیە، بۆیـــە دەکرێ ئەو ژوورە لـــە ژوورەکانی دیکەوە جوانتر و رازاوەتـــر بن، بەمەش دەتوانین ســـوود لە دیکۆری ژووری چیشـــت وەربگرین تاوەکو لەگەڵ دیکـــۆری ماڵدا هاوتا و کارامە بێ لە جوانی و کەرەســـتەکانی ئەو ژوورە، تەنیا کەرەســـتەیەکی بچـــووك دەتوانـــێ هۆکارێکی



مندالانیش وەك گەورەکان پێویستیان بە جلوبەرگ و گرنگـــی پێدان و کاری جوانی هەیە، ئەمەش لەو کاتەوە دێ، کە خانمـــان زیاتر بایەخ بەو لایەنە بدەن و لە نزیکەوە چاودێری بکـــەن، بۆیەش لەم لایەنەوە گرنگی جلوبەرگ دەردەکەوێ، جیاوازی هەیە کاتێك منداڵێك بـــە جلێکی پاك و جـــوان ئامادەکراوە، یان یەکێکی دیکە بە فەرامۆشی کاری جوانی بۆ کراوە، منداڵی بچووك پێویستی بە گرنگیەکی ئەوتۆ هەیە، کە خانمان یـــان دایکان دەبێ روو لەو لایەن، بکەن و جوانترین قاتی مندالانـــە و جوانییەکی تایبەت ئەو لایەنە بەدی بکەن و منداڵەکانیان بە دیمەنێکی جوان و رازاوە بپۆشن، بە تایبەت کاتێك منداڵ لە تەمەنی خواروی ســـاڵێك دەبێ، ئەمـــەش وەك ڕێگەیەك بۆ گرنگیدان بـــە منداڵی بچووك، بۆیـــە هەڵبژاردنی ئەو دەســـتە جلە، یەکێکە لـــە بیرۆکەیەکی جوان بۆ بەدیهێنانی مۆدەیەکی شایســـتە لەســـەر جەستە و شێوەی فریشتە بچووکەکان.




## ـــــۆ کچان و خانمان

لەو جۆرە ئێکسسوارانەی کە دیمەن و جوانی تایبەت بە خۆی هەیە، بە گوێرەی شێوە و جوانی کاتژمێرەکە دەتوانین ئەو شێوازە دیاری بکەین کە لەگەڵ مۆدەی خۆیەوە دەنوێنێ، کاتژمێر بۆ خانمان زیاتر لایەنی جوانی پڕ دەکاتەوە، نەوەك سوودی کات ژماردنی هەبێ، بەو جۆرە دەکرێ جوانی ئێکسسواری کاتژمێری دەست، بۆ کچانی تازە پێگەیشتوو کە دەبێ ستایلی ئەوانە رەنگاورەنگ و لە رەنگی جیاواز و تەنانەت شێوەی گوزارشت لە مانای کچی تازە پێگەیشتوو بدات، هەروەها بۆ گەورەکانیش دەتوانین لە رەنگی سادە و کراوە، ئەو جۆرە ئێکسسوارە هەڵبژێرین.

## کەرەستەکانی ژووری چێشت

جوانی بێ بۆ ژووری چێشت، بۆیە دەکرێ لە رێگەی ئەو کەرەستە و پێداویستیانەی ژووری چێشت، بەمەش لە جوانترین دیمەنی ئەو ژوورەدا، رێگەیەکی تایبەت و رازاوە بە دی دەکەین، ئەویش بە دانانی ئێکسسوار و کەرەستەکان هەر یەکە بەپێ پێویستی و جێگە و تایبەتمەندی خۆی، گشت ئەو کەرەستانەی لە ژووری چێشت دادەنرێن، دەبێ یەکێك لەو سیفاتانەی تێدابێ، یەکێکیان، جوانی شێوەی کەرەستەکە، یان رەنگی کەرەستەکە، کە ئەوەیان کاریگەری زیاتری هەیە لە جوانی شێوە،چونکە رەنگ زیاتر سەرەنجڕاکێشترە لە شێوە، بۆیە دەتوانین ئەو جۆرە ئێکسسوارە هەڵبژێرین کە شێوە و رەنگێکی جوانی هەیە، بۆیە دەتوانین سوود لەو دوو لایەنە وەربگرین تاوەکو دیمەنێکی جوان لە کەرەستە و پێداویستییەکانی ژووری چێشت وەربگرین لە دیکۆری ماڵ.





## جلوبەرگ و ستایلی منداڵان



## کاری دەستی

### دروست کردنی ئێکسسواری گوڵ



کاری دەستی یەکێکە لەو ئەرکە جوان و خنجیلانانەی کە ئافرەتان پێوەی دەست رەنگێنن و دەتوانن لە سادەترین رێگەدا کارێکی ئەوتۆ بەدی بکەین و ئەمەش دەبێتە رێگەیەك بۆ دروست کردنی ئێکسسوارێك کە جێگەی جوانی و ناسکی لە ماڵەکەتدا هەبێ، وەك ئەوەی دەتوانین لە کەوچکی پلاستیك کە ئێستا لە بازاڕەکاندا هەیە، هەروەها لە ماڵەکانیشدا بەشێوەیەکی بەرچاو هەیە، بە بڕینی قەدی کەوچەکە، دواتریش تواندنەوەی کەوچەکە لەسەر ئاگرێکی کز وەك ئاگری مۆم دەتوانین سەرەوەی کەوچکەکە بتوێنینەوە و بەمەش شێوەی گوڵی لێوە دەردەچێ،



دواتریش کۆمەڵێك کەوچك کۆ دەکەینەوە و بە هەمان رێگە، دەتوانین چەندین گوڵی پلاستیك و جوان ئامادە بکەین، کە دەکرێ بکرێتە ئێکسسوارێکی رازاوە و لە ماڵەکەتدا دابنرێ، بۆیە لە رێگەی کاری دەستییەوە، چەندین بەرهەممان دەست دەکەوێ کە جێگەی جوانی و سەرنجڕاکێشبوون دەدەن.





# وەستا عوسمان (حوسەی کەڵەشێر)

ڕەنگــە حەزی زۆرێکمان بێت، ژەم وخوادنێکی بەتام و لەزەتی تەواو ڕەســەن و کوردی بخۆین، یان ئەوانەی خولیای خواردنی گۆشــتی کەڵەشــێرن و لە ڕۆژگاری ئیمڕۆش ڕەنگە ئــەو ژەمە کەم بێت یان بەردەســت نەکەوێت، بــەڵام هەر لە دوای کاتژمێر شەشــی ئێوارەوە خواردنگەکەی وەستا عوسمانی ناسراو بە حوسەی کەڵەشێر باوەش بۆ هەموو چیــن و لایەنەکان دەکاتەوە، هەر لە ژێر پردەکەی ناو بازاڕی ســلێمانیەوە بۆنی برنجی کوردی و گۆشــتی کەڵەشێر دەکەی، ئەوە ماوی (٦) شەش ساڵە ئەو خواردنگەیە جیا لە هەموو خورادنگەکانی دیکە، کە لە شــەودا ڕەنگە دابخرێن یان دوای دوانزەی شەو دایبخەن، بەڵام وەستا عوسمان لە شەشــی ئێوارەوە تا بەرەبەیان برنجی کوردی بە گۆشــتی کەڵەشێر پێشکەش دەکات وەك خۆی بۆ گوڵان گوتی» هەموو پێکهاتەکانی وەك ڕاگەیاندکار و ڕۆژنامەنووس و مامۆســتا و کرێــکار و قوتابی و هەموو چین و کەســێك دێنە ئێرەو خۆیان بە خواردنی کوردی تێر دەکەن «سەبارەت بە جۆری کەڵەشێرەکانیش باس لەوە دەکات کە زۆربەی کەڵەشــێرە باشــەکان بەکاردێن و بەنزیکەیی ڕۆژانە ٢٠٠ کەڵەشــێر ئامادە دەکات لەگەڵ برنجی کوردی دەنك خڕ کە هەندێك گەنمەشامیشی تێدایە.

**ڕەوەند بەختیار**

# هەوجاری جووت کردن!

هەوجار یەکێکە لە سەیرترین و باشترین کەرەستە لە بواری کوردەواری، کە بۆ جووت کردن بەکاردەهێنرێ، هەروەهــا بۆ شــۆبرین، واتە هەڵکەتاندنی شــوێنی چۆڵەوانی و بەیار، تاوەکو بۆ ساڵی داهاتوو ئامادەبێ بۆ تۆکــردن، واتە دانەوێڵە پێوەکردن و چاندنی دەغڵ و دان، هەوجار کەرەســتەیەکە زۆربەی بەشەکانی لە دار دروست دەکرێ، زیاتر لە دار بەڕوو یان دار گوێز، کە پەســەندترە لە دار بەڕوو دروست بکرێت، هەوجار، لە ســێ بەش پێکــدێ، ئەوەی بە دەســتەوە دەگیرێ پێیدەگوترێ (دەستەن دوو)، واتە ئەو شوێنەی بە دەست دەگیرێ، دواتر بەشێك دێ کە پێیدەگوترێ هەوجار، لە خوارەوەش پارچە ئاسنێك هەیە لە شێوەی چەقۆیە، پێدەگوترێ (گاسن)، هەروەها ئەو بەشەی لە ئاژەڵ دەخســترێ پێیدەگوترێ (مژانە)، هەوجــار زیاتر لە گا دەخســترێ، بۆیە پێیدەگوترێ (گا جــۆت) واتە گای تایبەت بۆ جووت کردن، ئەو مژانەی پێشەوە پێیدەگوترێ (نیر) کە زەنگورە و شتی جوانی پێوەیە، دەخرێتە سەر ملی گاکان، زیاتر هەوجار بە دوو گا دەخســترێ، چونکە تاکە گایەك توانای نابێ ئەو کارە بکات، لە دواوەش یەکێك دەست بەســەر دەســتەن دووەکەوە دەبێ و هەروەها (گا)کان لێدەخوڕێ و کاری جووت کردنەکەش دەکات، ئەمەش یەکێك دەبێ بە ســەیرترین و کارامەترین کەرەستە لە بــواری جــووت و دەغڵ و دان.





## نینۆکەکانی مەترێک درێژە

ئەوانـــەی خولیایەك دەیانگرێ، بە هیچ جۆرە بیرۆکـــە و کاری کەســـانی دیکـــە نایگۆڕن، لەســـەر کارەکەی خۆیان بەردەوام دەبن، ئەمەش وەك خولیایەکی شـــێتانەیە، ئەوە سەرنجڕاکێشە، کاتێك خولیایەکە بە کارێکی ســـەیر دەبێ، وەك ئەو ئافرەتە ئەمریکیەی کە خولیای درێژبوونی نینۆکەکانی پەنجەیەتی، ناوی (کریس واڵتۆن) و تەمەنی ٤٥ ساڵە و نزیکەی (١٩) ساڵە نینۆکی پەنجـــەی نەبڕیوە، درێژی نینۆکی پەنجەی ئەو ئافرەتـــە نزیکـــەی مەترێك دەبێ، کە خۆشـــی دەڵێ: نینۆکەکانم هیچ ئاستەنگ نین لەبەردەم کارەکانی ڕۆژانـــەم و تەنانەت کاروباری ماڵیش ئەنجـــام دەدەم و پیانـــۆش دەژەنم و خاوەنی (٥) منداڵیشم.

## ئۆتۆمبێلی دوو نهۆمی!

جیهانی دروســـت کردنـــی ئۆتۆمبێل ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ڕوو لەزیادبوون دەکات و ئەوەی شـــایەنی باشە کۆمپانیاکانی ئۆتۆمبێـــل لـــەم ســـاڵانەی دیواییدا هەڵدەستن بە دروست کردنی ئۆتۆمبێل بۆ مەبەستی تایبەتی یان بۆ ڕێکلام.

هەموومان پاسی دوونهۆمیمان بینیوە لەسەر هەمان شێوەو بیرۆکە ئۆتۆمبێلێ دوونهۆنی دروست کرا بۆ ئەوەی زۆرترین کەس بگرێت وەك لـــە وێنەکە دەیبینین چـــۆن دوو ئۆتۆمبێل بە ســـەریەکەوە دانراون و بە سەیرترین شێواز دەردەکەون.



## قۆپیە لەسەر جەستە





کاری قۆپیەکـــردن، پەنا بردنە بـــۆ نەخوێندن و بیر کردنەوە لە فێڵ و خۆ دزینەوەیە لە خوێندن، بەشـــێك لە قوتابیان ئەو کارە دەکەن بە بیانوی نەخوێندن یان نەبوونی کات یان هەر خۆیان وەك هەوەســـێك بەکاردەهێنن کە قۆپیە ئەنجام بدەن، زیاتر ڕەگەزی نێر کاری قۆپیە دەکات، چونکە کچان گرنگی بە خوێندن دەدەن و دەترســـن لە قۆپیەکردن، لەوەی نەوەك ئاشـــکرا بن، بەڵام وادیارە ئەو کچە چاونەترســـە و کاری خۆی کردووە، ئەویش بە قۆپیە کردن لەســـەر ڕانی، کە نزیکەی کتێبێکی لەسەر هەردوو ڕانی نووسیوە و تەنانەت لە تاقیکردنەوەکانیش دەرچووە بەبێ ئەوەی کەس هەســـتی پێبکات، ئەگەر زۆر بە وردی ســـەیری نووســـینەکان بکەی، ناتوانی بە ئاسانی بیخوێنیتەوە، تەنیا خۆی نەبێ کە دەزانی چی نووسیوە، ئەو وێنەیەشی گرتووە کە دوای دەرچوونیەتی لە تاقیکردنەوە بە سەرکەوتوویی، ڕێگەی دووەمیش بریتییە لەو جۆرە ڕێگەیەی کە هەوڵیانداوە قوتابیان نەهێڵن قۆپیە بکەن، ئەویش بە دانانی کارتۆنێك لەسەر سەری ئەو قوتابییەی بەشداری لە تاقیکردنەوە دەکات.



## گوندی قژ درێژەکان



لە هەندێك حاڵەتـــدا، ناوچەگەری دەبێتە شـــتێکی بە ناوبانگ بۆ کەرەســـتەیەکی بەسوود یان شتێکی باش، وەك لای خۆمان هەورامان بە گوێز بەناوبانگە، کەچی وادیارە لە گوندێکی وڵاتی چین، شـــتێکی دیکە بەناوبانگـــە ئەویش قژی درێژی ئافرەتانە، کە یەکێکە لـــەو ناوچانەی، ئافرەتانی ئەو شـــوێنە بە قژ درێژی بەناوبانگن و درێژی قژی هەریەکێکیان لە مەترێك کەمتر نییە، ئـــەو گوندە نـــاوی (هیوانجلۆ)یـــە و لەو گونـــدەدا، نزیکەی (٨٢) خێزان هەن کە بە هۆزی (یاوی سوور) ناسراون، کەس نازانێ بۆ ئەوانەی لەو گوندە دەژین، بە ماوەیەکی کـــەم، قژیان درێژ دەبـــێ، هەندێك وای بۆ دەچن کە ژینگەی ناوچەکە بێ، هەندێکی دیکەش دەڵێن، ئاوی ئەو شـــوێنە وا لە قژ دەکات کە بە خێرایی گەشـــە بکات، ئەوەی ســـەیرە قژی هەر ئافرەتێك لـــەو گوندە لە دوو مەترەوە بەرەو ســـەرەوەیە، باوترینیان کە نابێ قژی لە (١٧٢) سەنتیمەتر کەمتر بێ، بەم جۆرە دەبێتە یەکێـــك لە ئەندامانی ئەو گوندە.

# خانمی تیروکەوان



ئەوانەی خـــاوەن بەهرەن، مەرج نییە لە ژیاندا فێر ببـــن و بۆیان پەیدا ببێ، تەنانەت هەیە لە ســـکی دایکیـــەوە ئەو بەهرەیەی بـــۆ دروســـت دەبـــێ، وەك ئـــەو کچـــە لە وڵاتی مەغریب، بە ناوی (ســـەلما)یە، ئێســـتا دانیشـــتووی وڵاتی دوبەیە، ئەو کچە بەهۆی نەرمی جەســـتەیەوە، چەندین نمایشـــی بچووك و سەیری ئەنجام داوە، کە هەریەکە جێگەی سەرنجڕاکێشی و سەیرە، لەگەڵ ئەوەشدا خولیای دونیای تیر و کەوانە، بۆیە نمایشـــەکانی بە جەستە لاســـتیکەکەی و تیروکەوان ئەنجام دەدات، وێنەکە زیاتر دەدوێ لەم لایەنەوە.

## جیاوازی وێنە !



بۆ زانینی ئاســـتی مێشك لەماوەی (٢) خولەکدا چەنـــد خاڵێکی هاوبەش لەم دوو وێنەیەدا بدۆزەوە

## یاری پیت ریزکردن

هەوڵبدە ئەو پیتانەی ناو بازنەکان ڕێکبخەی بۆ ئەوەی ناوی شۆڕشـێکی کوردت بۆ دەربچێ.

ی ە و ڵ ڵ ئ

وەڵامی ژمارەی پێشوو :شمشاڵ

## کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩




زمان بەڵای ســـەرە، ئـــاگاداری زمانت بە ئەگینـــا تووشـــی گرفتێك دەبیـــت لەگەڵ خۆشەویستەکەت، پێویستە کەمێك نەرم و نیان بیت لەگەڵی، چونکە زۆر پێویستی بەتۆیە.

## گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠



لەبـــواری کارەکەتدا ماوەیەکـــی گران و بەزەحمەتت لەپێشە و چەند بەرپرسیاریەتێکی نوێت پێ دەســـپێرن، ئەمەش کەمێك خەمت زیاد دەکات، بەڵام دوو دڵ مەبە چونکە تۆ کەسێکی بەتوانای و سەردەکەویت.

## دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠



بـــرادەری خـــراپ وەك خەڵوز وایە نەشـــت سوتێنی ڕەشت دەکات، بۆیە لەهۆکارەکانی ناوزڕاندنی خۆت مەپرسە، بەڵکو بەزووترین کات خۆت لەهاوڕێ خراپەکانت بەدوور بگرە، لایەنی سۆزداریشت بەرەو پێشت دەچێت.

## قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢



ماوەیەکی باشـــەو هەســـت بەخۆشـــی و گەشـــبینی دەکەیـــت، لەلایەنـــی کارەوە هەست بەئاســـوودەیی دەکەیت و بەتایبەتـــی دوای ئـــەوەی بـــاری سۆزداریت گەڕایەوە دۆخی پێشوو.

## شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢



لـــەم رۆژانـــە بیـــری رابـــردووت دەکەیتـــەوە، بەهۆی ئەوەش دەســـت دەکەیت بە گۆڕانکاری لە هەڵوێســـتەکانت کـــە لەوانەیە ئاوات و ئامانجی ژیانیشـــت بگرێتەوە.

## گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢



لـــەو بریـــارەی داوتە پەشـــیمان مەبەو خۆڕاگر بە، لەبواری سۆزدارییەوە ئەو خۆشەویســـتیە مەزنەی کە چاوەڕێی دەکەی کەمێـــك دوا دەکەوێ، بەڵام ئومێد بڕ مەبە.

## بۆ زاخـــاوی مێشک

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (بابان) بوو

بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..

□ □ □ □ □

ئەم چوارگۆشانە بەپیت پڕ بکەرەوە کە لەکۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لەماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە:

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢) کۆ بکەیتەوە بە مانای (جۆرە گۆڕانکاریەکە لە کەش و هەوا، لە ساردی دەبێ)
- پیتی خانەکانی (١+٢+٣) کۆ بکەیتەوە بە مانای (کەسێکی گەورە و پایە بەرز لە ئایین)
- پیتی خانەکانی (٣+٤+٥) کۆبکەیتەوە بە مانای (پاشگرێکە بۆ ناوی کچ بەکاردەهێنرێ، بۆ زیاتر ڕێزگرتنە)
- پیتی خانەکانی (١+٤+٥)کۆ بکەیتەوە بە مانای (دوو بەشە سەر دەکەوێتە نێوانیان)



# وێنە و بیرکردنەوە

**هەوڵبدە بزانە چەند چای هەیە لەم وێنەیەدا!**



## دیـوانە شـیعر



کوردی شاعیر دەڵێ :
چاوی مەستت وا دیارە فیتنەیێ بەرپا دەکا
خانی دین وەک تورکی یەغمایی بە ناز یەغما دەکا
تورکی دیدت بە دوو قەوسی حاجب و تیری موژەت
بۆ گرفتی دڵ لە کاکۆڵت عەلەم بەرپا دەکا
چاوی فەتتانت دەکا سیرڕی نیهانی دڵ عەیان
واقعی هەر فیتنە ئەسراری نیهان ئیفشا دەکا
مەردومی چاوت کە دێتە سەر سوپاهی جان و دڵ
وەک قەجەر دایم بە قیرقاجی نیگەە دەعوا دەکا
چونکە هیچ شاهید لە نێوانمان نەبوو ڕۆژی ئەزەل
عەقڵ و دینم نایە مستی، ئێستە وا حاشا دەکا
گەر بە ناحەق بمکوژی نابێ کە کەس مەنعی بکا
حاکمێ کافر بێ، سا ئەڵبەت عەداڵەت وا دەکا

س: ئەستێرەکانی شیعری کلاسیک

## پەندی ناوداران

- چارلی چاپلن دەربارەی ژن دەڵێ : ئەگەر میهرەبانی ژن نەبوایە درندیی پیاو ( کەون )ی وێران و هەنجن بە هەنجن دەکرد.

**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

بۆچـی پەیوەندیەکانـت بەشـێوەیەکی هەڕەمەکـی هەڵدەبژێـری؟ وادەزانـی هەرشتێك ببریسـکێتەوە زێڕە! جوان سەرنج بدەو بیربکەوە لەراستی تێدەگەیت و دەزانی کە تۆ سەرچیغ ڕۆیشتوویت.

**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

لەپەیوەندیــە گشــتیەکانت، توانـات بۆ دەوروبــەرت روون دەبێتــەوە، چاوپێکەوتنێك ئومێدت بۆ دەگەڕێنێتەوە و یارمەتیدەرت دەبێ بۆ بڕیاردانت لەپرۆژەیەکی بایەخدار.

**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

لەبواری کاردا باش و بەسوودیشە پاشەڕۆژی خۆت دابین بکەیت، بەڵام نەکەی ئێستات لەبیر بکـەی با ژیانیش تۆ لەبیر نەکات، لەبواری سۆزدارییەوە ئەوەی ئەوەی لەناو دڵت نوسراوە لەخۆشی و شادیت بەدی دەکرێ.

**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

لەوانەیە پەیوەندی بەکەسـێك بکەیتەوە، کە ماوەیەکە لێت دابـڕاوە کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی باوەڕت بـەدوارۆژت پتەوتر بێت، کەمتەرخەم مەبە بەرانبەر خۆشەویستەکەت چونکە سۆزی زۆرت پێ دەبەخشێت.

**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

بەهۆی بڕوا بەخۆبوونت، هەنگاوەکانت بەرەو سەرکەوتن دەڕۆن، بەڵام پێویستە کەمێـك چاوکـراوە بیـت و ئـاگاداری ڕووداوەکانی دەوروبـەرت بیت، نێوانی تۆو شادی چەند هەنگاوێکی کەمی ماوە.

**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

ئەم مانگە خۆشـترین مانگی ئەم سـاڵتە، چونکـە ئاسـتی پاشـەڕۆژی کارت بەرەو باشتر دەچێت، هەروەها لەبواری ئەڤینداریشەوە پەیوەندیت لەگەڵ دۆستەکەت لەباشترین ئاست دایە.

## نوکتە

- کوڕێك داوای خۆشەویسـتی لە کچێك دەکات و کچەکـەش دەڵـێ ناتوانـم !!! کوڕەکەش دەڵـێ : ئێ خۆ فەردە ئاردت پێهەڵناگرم تا نەتوانی !
- مامۆسـتای مێژوو لە قوتابیەکی پرسی «حوکمی مەنگۆلـەکان» لە کوێوە تا کوێ بووە؟ قوتابیەکەش گوتی: مامۆسـتا بەخوا تەئکیـد نیم، بەس وابزانم لـە لاپەڕە ٣٦وە بۆ ٤١ـەە..